بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٧**
**مێژووی بڕیار: ٢٠١٨/٧/١١**

## بــڕیــار
## ژمــارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠١٨
## پێشوازی کردن بە پێی پرۆتۆکۆل لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئە نجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنووریەکان

پشت بەحوکمەکانی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠١٨/٧/١١ ئەم بڕیارەی دا:-

**یەکەم:** ئەندامانی پەرلەمان ، ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لە خزمەتگوزاری پێشوازی بەپێی پرۆتۆکۆل (VIP) ، لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنووریەکان سوودمەند دەبن .

**دووەم:** ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفییەکانیان پاش تەواوبوونی خول و ماوەکەیان لەو خزمەت گوزارییەی لە خاڵی ( یەکەم ) دا هاتووە سوودمەند دەبن.

**سێیەم :** پەرلەمانی کوردستان پێناسێکی تایبەت بۆ ئەندامە خانەنشینکراوەکان دابین دەکات.

**چوارەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا ناکرێت .

**پێنجەم:** پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن .

**شەشەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا جێبەجێ دەکرێت .

### هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم بڕیارە

لە پێناو رێکخستنی پێشوازیکردن لە ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفییەکانیان ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**